عێراق و ڕوسیا ڕێکەوتنامەیەک لە بواری هاوکاری دادوەری واژۆدەکەن

سەرۆکی دادگای باڵای فیدراڵی جاسم محمد عبود ئەمڕۆ دووشەممە لەگەڵ سەرۆکی دادگای دەستووری فالیری زورکین یاداشتنامەیەکی هاوبەشیان واژۆکرد.

دادگای فیدراڵی لەبەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند:-سەرۆکی دادگای باڵا جاسم محمد عبود لەسەردانێکیدا بۆ کۆماری ڕوسیای فیدراڵ لەسانت پترسبۆرگ چاوی کەوت بە سەرۆکی دادگای دەستووری ڕوسیا فالیری زورکین ، لەدیدارەکەدا باس لەپێوەندیەکانی نێوان هەردوولا کرا، هەروەها گرنگترین بەیارەکانی دادگای باڵا خرانەڕوو کەلەیان هەبووە لە چەسپاندنی پرنسیپەکانی دیموکراسیەتی ڕاستەقینە.

وتیشی کە جەخت کراوتەوەسەر مکووبوونی دادگای فیدراڵی باڵا لەسەر دروستکردنی پێوەندی دووقۆڵی لەگەڵ دادگا دەستوورییەکانی وڵاتان بەسوودوەرگرتن لە ئەزموونەکانیان، بەهمانشێوەش هەردوولا پێوەندیەکانی نێوان هەردوولایان خستەڕوو پەداگریشیان کرد لەسەر پشتیوانیکردنیان بە سوودوەرگرتن لە شارەزاییەکانی ڕوسیا بە پەرەپەدانی دادوەری دەستووری عێراقی.

هەروەها هەردوولا یاداشتنامەیەکیان واژۆکرد بە هاوکاری وهەماهەنگیکردنی هاوبەش.

لەلایەن خۆشیەوە سەرۆکی دادگای دەستووری ڕوسیا خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بەسەردانەکەی سەرۆکی دادگای باڵای عێراقی وشاندی یاوەری، جەختیشی کردەوەسەر هەوەستی وڵاتەکەی لەهاوکاریکردنی عێراق لە

چندین بواردا بۆ بەرژەوەندی هەردوولا